سەرۆك كۆمار سەروەت و سامانی دارایی خۆی بۆ ساڵی 2024 ئاشکرادەكات



ئەمڕۆ پێنجشەممە، دەستەی دەستپاکی فیدراڵی ڕایگەیاند: عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك كۆمار، سەروەت و سامانی دارایی خۆی بۆ ساڵی 2024 ئاشکرا كردووە.

دەستەكە لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: فەرمانگەی چاودێری فەرمی ئاشکراكردنی دارایی بۆ ئەمساڵی سەرۆك كۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید وەرگرتووە.

دەستەكە پێشتر ڕایگەیاندبوو: كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و سەرۆكی كاتی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆكی دەستەی دەستپاكی فیدراڵی و كارمەندانی پێشكەوتووی دەستەكە و ژمارەیەك وەزیر و پەرلەمانتار، دارایی خۆیان بۆ ساڵی 2024 ئاشکراكردووە